بەهات قەرەداغی

باروودۆخی « هونەری وەرگێڕان » بۆ کوردی

ئەوی ئاشکرایە بزووتنەوەی وەرگێڕانی بەرهەمە ئەدەبی و فەلسەفی و زانیارییەکانی میللەتان بۆسەر زمانی کوردی ، چاکترین نیشانەی خواستو ئارەزووی بەرەوپێش بردن و پڕکردنەوەی گەنجینەی بێنازی کتێبیکوردی‌یە . لەم بوارەدا هەوڵدان بەردەوامە بەلام ئەوی جێی داخە هێشتا ڕێو شوێنێکی زانستیانە بۆئەم ئەرکە پیرۆزە لەلای خۆمان دیاری نەکراوە و زۆربەی هەوڵو تەقەلاکان لەچەندین لایەن و چمکیانەوە لاوازو بێهێزو کاڵوکرچن .

لێرەدا وەك ئەرکێکی سەرشانم ،وای بەپێویست دەزانم کە ، بەرلەوەی دەرکی دادگای ئەدەبی لەهەندێ لەو بەرهەمە وەرگێڕاوانە بکرم ، چەند بنەڕەتی‌یەکی زانستی‌ی هونەری وەرگێڕان بخەمەڕوو . شایانی باسیشە کە بۆ ئەم پێشەکی‌یە کەلکێکی زۆرم لە کتێبی « فن الترجمة في ضوء الدراسات المقارنة » ی دکتور صفاء الخلوصي وەرگرتووە بەهیوای ئەوەی لەم بناغەیەدا بەردێك دابنێم .

وەرگێڕان چی‌یە ؟!

هونەرێکی بەرز و پیرۆزە ، ئەرکی وەرگێڕاندنی وشەو ماناو شێوەو فۆرمی داڕشتنی گرتۆتە ئەستۆی خۆی ، لەزمانێکەوە بۆ زمانێکی‌تر . ئەمەش لەبارو دۆخ و ئاستێکی وادا کە چێژو تامو ئیقاعی دەقە نوسراوەکە ببەخشێ بەخوێنەر » لێرەوە دەتوانین ئەم سێ بنەڕەتی‌یە دەستنیشان بکەین لەبواری ئەم هونەرەدا : ـ

1– پێویستە پارچە وەرگێڕراوەکە وێنەیەکی ڕوون و تەواوی ئەو بیروڕایانە بێ کە لەناوەڕۆکی دەقە نوسراوەکەدایە .

2 – پێویستە تائەتوانرێ لە ڕێ وشوێن وشێوەی داڕشتنی دەقەنوسراوەکە لانەدەین .

3 – پێویستە پارچە وەرگێڕراوەکە لەسەر زمانی خوێنەرو لەگوێ‌ی گوێگردا تام وچێژو ئیقاعێکی ئەوتۆی هەبێ کەئەگەر لەهی دەقەنوسراوەکە زیاتر نەبێ کەمتریش نەبێ .

وەرگێڕی سەرکەوتوو کێ‌یە ؟ !

ئەو نووسەرەیە کە دۆخ و بارێکی ئەوتۆ دەگونجێنێ بۆ خوێنەر تیا ، هەست نەکات بەرهەمێکی بێگانە بەزمانەکەی خۆی دەخوێنێتەوە ، بەجۆرێکی وا کە بەرلە وشەو زاراوە ، هەست وهۆشو سۆزی نووسەرو نوسراوەکە وەربگێڕێ . بەڕاستگۆیی ، بێ سڵکردنەوە ، لەناخەوە ، هەست وهەڵچوون وداچوونەکانی خۆی تێکەڵ بە کەفوکوڵی نووسەرەکە بکات . ئەو چەندژانی لێ هاتووە ئەمیش ئەوەندە ژان بیگرێ .. ئەو چەند ئاسۆی خەیاڵ وئەندێشەی بەربلاوبووە « کاتی نووسینی بەرهەمەکە » ئەمیش بگاتە ئاست وپلە وپایەی ئەو ، تاوا دەکات پارچە نوسراوەکە جارێکی دی سەرلەنوێ ، بەهەموو جوانکاریەکی‌وە ، بەزمانی زگماکی خۆی دەنووسێتەوە . ئەوی شیاوی باسە لێرەدا ئەوەیە کە ئەگەر هاتوو « وەرگێڕ » خۆی‌گەیاندە ئاستی ویژدان وئەندێشە وبیری نووسەر چی‌دی پیویستی بەوەنی‌یە بە شێوەیەکی میکانیکی وئەکادیمی پەیڕەوی ئەو بنەڕەتیانە بکات کە لەمەوپێش باسمان لێکردن ، بەلکو ئەوسا بنەڕەتی‌یەکان خۆیان خودی خۆیان دێننەدی !

وەرگێڕ ئەگەر نەیتوانی « گۆشە تاریك وڕوونەکانی »

ماناو ناوەڕۆك وبۆچوونەکانی دەقێکی نوسراو بدۆزێتەوەو دەستنیشانیان بکات ، هەرگیز پێشی ناکرێ «گیانی» ناوەڕۆکەکە بگوێزێتەوە بۆناو « لەشی (یاقالبی) » دەقی وەرگێڕراوەکە . بەوپێیە پارچەیەکی وەرگێڕراوی لاوازو گێرو بێپێزمان چنگ دەکەوێت ، چونکە ئەگەر بێتو وەرگێڕ واتێبگات کە ئەرکی سەرشانی تەنها ئەوەندەیە کە کۆمەڵێ وتوو وێژ ووشەو زاراوە وڕووداو لەزمانێکی ترەوە بکات بەزمانەکەی خۆی وبەس ئەوا بێ یەکودوو دەست لەناوەڕۆکو گیانی دەقەنووسراوەکە بشوا .. کاتێ کە وتوو وێژو وشەکانی نێو دەقەنوسراوەکە دادەڕێژێنە ناوقالبی زمانی وەرگێڕەوە «گیانی» ناوەڕۆکەکەی بەبائەچێت وبەهەلم‌ئەبێت . جا ئەگەر فریانەکەوین «گیانێکی» نوێی پێببەخشینەوە ئەوا دەبێ هەزار ڕەحمەت بۆ گیانی‌پاکی بەرهەمە وەرگێڕراوەکە ڕەوانەبکەین !! وەرگێڕرانێکی وەها زۆرجار لەشان‌وشکۆو سەنگی نووسەری دەقەکەش کەم دەکاتەوە !

چەشنەکانی وەرگێڕاندن کامانەن ؟!

سێ ڕێگا هەیە ورەچاوکراون لە وەرگێڕاندا لەلای گشت میللەتان ، ئەوانەش :

یەکەم : وشە بۆ وشە ... یان دێڕ بۆ دێڕ . ئەم ڕێگەیەش زیاتر بەرهەمەکە دووچاری بێ‌پێزی وبێ‌گیانی دەکات ، کارێکی وادەکات ، کە کەم‌کەس هەبێ ورە بەرنەداو دەس لە خوێندنەوەی دەقەکە هەڵنەگرێ .

دووەم : مانا بۆ مانا .. ئەمەش زۆرجار وەرگێڕ تووشی هەڵەیەکی گەورە دەکات کاتێ کە هەندێ وشەو دەربڕینی نێو دەقە نووسراوەکە پشت گوێ دەخاو بایەخێکی تەواوی ناداتێ ، کەڕەنگە هەموو تەوژمو گوڕی برگەو بیرۆکەکە (فکرة) بڕژێتە قاڵبی ئەووشەو دەربڕینەوە .. واتە ئەو دەربڕینە پاشگوێ خراوە ، دوایین زرمەی ئیقاعی ئەو کۆپلەیە بێ .

سێیەم : ڕێگەیەکی مامناوەندە ، دارەکە لەهیچ سەرێکیەوە ناگرێ و لە ناوەندیەوە دەستی دەداتێ . هەر لەبەرئەوەشە کە لەهەردوو ڕێگەکەی تر سەرکەوتووترە . بۆئەم مەبەستەش زۆر گرنگە کە تێبینی چەند خاڵێکی ڕچاوکراو بکرێ ، ئەوانەش :

أ ـ بۆیەکەم جار دەقەکە بخوێنرێتەوە وکورتەی ماناو ناوەڕۆك ومەبەستەکەی ئاشکرابێت .

ب ـ لیستەیەك بەو وشەو زاراوە ودەربڕینانە پڕبکرێتەوە ، کە ، ماناکانیان لەلای وەرگێڕ یەك‌لایی نەبوونەتەوە وساخ بکرێنەوە .

ج ـ دەقەکە بۆجاری دووەم بخوێنرێتەوە[1] ئەوسا دەست‌دەکرێ بە وەرگێڕاندنی دەقەکە ، پەرەگراف بە پەرەگراف ولەسەرخۆ وبەوردی ، ئەوجا ئەو بەشانەی کەتەواو دەبن وازیان لێ‌دەهێنرێ تا نەختێ مێشك و..ڕوونی وەرگێڕ دەحەسێتەوە .

د ـ دەست دەکرێ بە توندو تۆڵ‌کردنی بارو بارگە ، واتە لەم قۆناغەدا وەرگێڕ دەستکاریەکی چاکی ئەو بەشە دەکات کە تەواوی‌کردووە ، بەبێ ئەوەی بگەڕێتەوە سەردەقە نوسراوەکە . وەرگێڕی چاك ئەوەیە کە لەم‌قۆناغەدا هەردەم لەخۆی بپرسێ ؛ ئایا ئەگەر خۆم ئەم دەقەم بنووسیبایە ، بەدارشتنی ئەم‌برگەیە یان بەشێوەی ئەم دایلۆگەو بە دانانی ئەم وشەیە لەم جێ‌یەدا ، ڕازی دەبووم ئایا هەر بەهەمان شێوە ئەم دەربڕینەم دەهێنایە کایەوە

ئەگەرهاتوو وەڵام بە ـ نەء ـ بوو ئەوا پێویستە سەرلەنوێ دەستکارییەکی چاکی ئەو بەشانە بکرێت تا ئەوساتەی وەرگێڕ خۆی بەتەواوی لێی ڕازی‌دەبێ و بە بەرهەمێکی شەوژان وبیرکردنەوە وئەندێشەی خۆیی دەزانێ . ئەمە وادەکات کە وەرگێڕ تا ئەوساتەی ئەوئاواتەی دێتەدی ، خۆی ڕەخنەگرێکی دڵڕەق بێ بەسەرخۆیەوە .

هـ ـ لە دواقۆناغدا ، دەقەنووسراوەکە و پارچە وەگێڕاوەکە دەخرێنە دووتای تەرازوو ، تا هاوسەنگی یەکتر دەردەچن ، ئەوەیش بە وردەکاری ورتووش‌کردن وهاویشتنی دوایین فلچەی ناسكو وریای وەرگێڕی هونەرمەند . ئەوسا دەبینین چ تابلۆیەکی قەشەنگ دێتە دنیاوە ! ئەوسا تێ‌دەگەین وەرگێڕان چ هونەرێکی بەرزە و چ زانستێکی بەنرخ وبایەخە !!

وەرگێڕاوی ڕۆمانی « خەندەلێو»

با لێکۆڵینەوەکەمان بە وەرگێڕراوێکی مامۆستا رەئووفی ئەحمەدئالآتی دەستپێبکەین کە بریتی‌یە لە ڕۆمانی «خەندەلێو» «المشوَّه» ی نووسەری فەرەنسایی گەورە « ڤیکتۆر هیگۆ » ، دیارە وەك کاك ئالآنی خۆی لەدەست پێشکەریەکەدا وتوویە ، لە تێکستە عەرەبی‌یەکەوە ، کە « أميل خليل بيدس » وەرگێڕێتی ، ئەم « خەندەلێو » ە کوردی‌یە ، هاتۆتە دی .

بەم بۆنەیەوە شایانی باسە کە وەرگێڕاوە کوردیەکانمان ، زۆربەی هەرە زۆریان لە زمانی دووەمەوە وەرگیراون

بۆ نموونە : گێلەپیاو لە فارسیەوەو خویشی تورکی‌یە ، خەندەلێو لە عەرەبی‌یەوە ، خۆی فەرەنسی‌یە ، پیرەمێردو زەریا لە عەرەبی‌یەوەو خۆی ئینگلیزی‌یە .. هتد ...

ڕاستی‌یەکەی ـ خەندەلێو ـ یەکێکە لەو وەرگێڕراوانەی کە ، ئەگەر بهاتباو وەرگێڕەکەی پرس‌و ڕایەکی بە برادەرو دۆستانی ئەدەبی‌ی خۆی کردباو بڕێك زیاتر خۆیی پێوە ماندوو کردبا ، ئێجگار سەرکەوتوو دەبوو .. بەلام ...!! والێرە بەدواوە هەندێ لەو باری سەرنج‌و نیشانەی پرسیارانەی کە ڕوویەڕووی « خەندەلێو » دەبنەوە ، دەخەمە ڕوو و دەبێ مامۆستا ئالآنیش لەم پڕکێشیەم ببووری .

1 ـ ئەوەی گومانی لێ‌ناکرێ ئەوەیە کە ، داتاشین‌و بەدی هێنانی وشەو زاراوەو دەربڕینی نوێ‌و زیندووکردنەوەو بووژاندنەوەی پووکاو لەبیرچۆوەکانیان ، کارێکی ئێجگار پیرۆزو گرنگە . خزمەتێکی گەورەیە سەبارەت بە زمانی کوردیی ڕەوان‌مان . بەلام ... بارو کارەو بارو جێ‌ی خۆی هەیە لەلای من هەڵەیە پیاو شاکارێکي وەك شاکارەکەی هیگۆ بکاتە « حەقلی تەجاروبی » خۆی‌و ئەسپی وشەو دەربڕینە داتاشراوەکانی خۆیی تیا تاو بدات !

لە خەندەلێودا ژمارەیەکی زۆر لەم وشەو دەربڕینانە ، بەلووتی خوێنەردا دەتقێتەوەو وای لێ دەکات وەڕس بێ‌و ڕۆمانەکە بە کارێکی زۆر ئاڵۆز تێبگات ، بەوچەشنە ورە بەردەداو دەست لە خوێندنی هەڵدەگرێ . دەبوایە « خەندەلێو » بە زمانێکی‌تر ، زمانێکی ناسراوو ڕەوان‌تر ، زمانێکی کوردەواریانە ، ماناو ناوەڕۆکی ـ المشوَّه ـ ی بخستایەتە بەردەستی خوێنەری کورد ، نەك کارێکی وا بکات کە ، بۆ ئەوەی لە یەکێ لەو وشانەی کاك ئالآنی تێبگەیت ، بگەڕێتەوە سەر تێکستە عەرەبی‌یەکەی !! بزانیت ئەم « وشە ـ مەتەڵە » لەچی‌یەوە وەرگیراوە !

بۆ نموونەش وا هێندێ لەو « وشە ـ مەتەلانە » لە لیستەیەکدا دەخەمە پێش‌چاو ، بابزانین لەسەرژمێریەکدا ، چەند کورد ، چەند خوێنەری کورد لێیان حالێ دەبێ‌و دەتوانێ لە قسەکردنیا بەکاریان بێنێ ؟:

ـ بەردەتراوك / بەلاس / کەنگرەلاشك / بەتێزی / ناوازان / مینەپۆلەکان / کلەوە / دردۆمی / هاڕژن / تۆسن / چرژا / بەشەپریوێکەوە / قاچاندی / کەبرۆلە / سپی‌واشی / بریسو / بوونەوەر / هولەهول / ئەمباز / بەدفەرجام / هەڵە ڕۆسکاند / جەفەنگانە / ئەترەش / شوومتە / شریخەی شەپڕێوی / دەجێنێ / تێدا پلمیاوە / شەقەتۆڵە / سەهەندە / وەریووە / کۆزیلکە / سێچە دەکا / دەشی قریژم / هەڵە ڕۆسلێ / دەنگی بورشت / باریگا / هۆڕاق / جووتە مێمل / بژێو / لێ‌بوك ... هتد !! ـ

٢ ـ لاپەرە «5» ی ـ المشوّە ـ :

« وألأرواح الشاردة تذهب وتجيُ ، كما كانت تلكم الأشباح المستخفية في جنح الليل الدامس تغدو وتروح ، وتَنْقُل الىٰ ظهر السفينة تلك ، صناديق محملة بالطعام والماء والألبسة »

لاپەرە «6» ی ـ خەندەلێو ـ :

« گیانە تاراوەکان لەژێر باڵی شەودا ، دێن‌و ، وەك چەند تارماییەکی‌و ڕوژاو سەبارەت بەچەند نهێنیەك .. چەند سندووقێکی تفاق بۆ سەر کەشتییەك دەگوێزرێنەوە . » بڕوانە چەند جار «چەند» بەکار هاتووە ؟! ئەمە لەکاتێکدا کە لەسەرتاپای ئەو لاپەڕەیەدا ببڕای ببڕای ـ «بعض» یان «عدد من» ـ بەکار نەهاتووە . پاشان لە عەرەبی‌یەکەدا ئاشکرایە کە باسی دوو شت دەکات ، یەکەمیان : « ئەو گیانە تاراوانەیە » و دووەمیان : « تارمایی‌یەکانە » ، ئەوان دێن‌و دەچن‌و ئەمانیش لەژێر باڵی شەودا خۆیان

شاردوتەوەو هاتوچۆ دەکەن ـ جگە لەمانەش دیارە کە ئەو تارماییانەن سندوقەکان دەگویزنەوە بۆ سەر کەشتی یەکە ـ کەچی لەلای کاك ئالانی وانی یە .. ئەوەتا گیانە تاراوەکانی لەژیر بالی شەودا شاردەوەو بەمەشەوە ناوەستی هەر لەخۆیەوە دەیانشوبهێنێ بەچەند تارمایی یەکی وروژاو سەبارەت بەچەند نهێنی یەك .. ئنجا گواستنەوەی سندووقەکانیش دەخاتە پال « نادیاریك » «مجهول» و دەڵێ « دەگویزرینەوە » ! سەرەرای ئەمانەش لەبارەی رەوانبێژیەوە ، دەربرینێکی زۆر وشكو بێتامە !

3 ـ لە لاپەرە «6» ی هەردوو لادا :

« ونظر الى السماء المكفهرة كأنه مكلوم يستجير بالله » « بە ناسۆرەوە سەیری ئاسمانیکی گرژ دەکاو لە قوولایی دەروونی یەوە لە یەزدان دەلالێتەوە »

بروانە دەربرینە عەرەبی یەکە لە ـ گیرانەوەی ـ روود اوەکە زیاتر چی ی دی نەکردووەو بەگشتی رستەکە لەباری رابووردوو دایە ، کەچی کاك ئالانی وەك چۆن « دەرهێنەریکی » شانۆیی تیبینی و سەرنجەکانی ئەدا بە ئەکتەریك ، بەو جۆرە باسی ئەو روودا وەمان بۆ دەکات ، کە لەوە دەچی هیشتا رووی نەدابی و ئەم شوینی بۆ دیاری دەکات !!

جگە لەوە « السماء المكفهرة » بە مانای « ئاسمانی گرژ » نایەت ، ئەمە لەلایەکی ترەوە کورد ، هیچ کوردیك ، نالێ و نەیگوتوە ـ ئاسمانی گرژ ـ پاشان ئەگەر مەبەستیش ئەوەبێ کە وەرگیرانیکی ـ حەرفی ی ـ السماء المكفهرة ـ بکریت ، ئەوا چاتر وایە بزانێ کە بەمانای ـ اشتَدَّ ظلامهُ ـ دیت ، واتە ـ ئاسمانی کە تروسکایی لێ برا بێ ـ یان ـ ئاسمانی تاریکە شەویك ـ یان ـ ئاسمانی تاریکە شەویك ـ ئاشکراشە کە لیکچواندنی منالەکە بە ـ مكلوم يستجير بالله ـ گەلێ جیاوازە لە : « بە ناسۆرەوە .... لە قوولایی دەروونی یەوە لە یەزدان دەلالێتەوە » !!

4 ـ لە هەمان لاپەرەدا : « واستخرط يبكي »

« کولی گریان لە قورگیوا ویستا »

لیرەشدا بە هەلەدا چووە ، چونکە « استخرط يبكي » یانی « اشتَدَّ بكائه » واتە : « دایە پرمەی گریان » .

5 ـ هەمان لاپەرە : و وطّنوا النفس على « قهره واذلاله » .

« .... ئەو منداڵە بتاسینن و شەپرزەی بکەن . »

هەلەیەکی روون و ئاشکرایەو دەبوایە بیگوتایە :

«..... مل کەچ و رسوای بکەن . »

6 ـ لاپەرە حەوتی هەردوولادا : « بل نفر نفور القالي الخائف ، وارتعد خوفاً منهم وارتعش فزعاً »

« بگرە وەك کابرایەکی ترساوی رق هەستاو ، قیزی لێ کردوونەتەوە » . بەر لەهەموو شتێ «کابرا» نی یەو منداڵیکی دەساڵانە ، پاشن ئەوەش «نفور» بە مانای « قیزکردنەوە » نایەت و بەڵکو وشەی «قیز» خۆیشی لەوە دەچێ لەهەویری ـ تَقَزُّز ـ ی عەرەبی گونکی بۆ گیرا بێ .. « نفور» واتە « خۆ بەدوورگرتن » « نفر من الطعام » مانای « لە خواردنەکە کشایە دواوەو قەرەی نەکەوت ، یان ، توخنی نەکەوت » نەك ـ قیزی لێکردبیتەوە . جگە لەوانەش ، ئاشکرایە کە دارشتنەکە هیچ رەوانیەکی تیا نی یەو مۆسیقاکەی ناموێیە بەگوێی کوردو لەسەر زمان تەرو پاراو نی یەو بەهیچ جۆریکیش ئەوەندەی دەربرینە عەرەبی یەکان ئیقاعیان توندو تۆل نی یەو رات ناچلەکینن ، نات هەژینن !!

6 ـ لەکۆتایی لاپەرەی شەشدا ئەم دووسێ دیرە هەیە ، کەچی لە کوردیەکەدا پەریوەو لەوە دەکات کاك ئالانی بە ـ حشو ـ و زیادەی دانابێ لەبەر ئەوە «فارسی» کردووە !

« وحاول ان يتكلم ، حاول ان يعبِّر عن شعوره ، بَيد ان لسانه الجم داخل فمه ، فما نطق نبس ، إنما وجف قلبه ووجب ، وشهر بالدّوار ، وشعر بالبوار ـ » !

7 ـ لە لاپەرە حەوتی ـ المشوّه ـ دا : « وجعل يرقى الصخور ويتسلق المرتفعات » ـ لاپەرەی هەشتی ـ خەندەلیو ـ : «دەبووەوە بەسەر کوچكو کەلکدا .. تل دەبووەوە بە تەلانو هەلدیردا » . راستترو کوردی تر دەبوو گەر بیگوتبا : « بەسەر تاشەبەردا سەردەکەوت و بە بەرزایی دا هەلدەگەرا » ئیتر نازانم چۆن وای بۆ هات بلێ : « بەرز

دەبوەوە » ؟ تۆبڵێ‌ی هەر لەبەر ئەوەی ـ یرقی لە رقێ ـ یەوە هاتووەو بەمانای ـ بەرزبوونەوەو ـ بلندی ـ دێت ؟!.

8 — لەبەشی دووەمدا لەلاپەڕە 12 ی «المشوّه» دا :
« ودنا رئيس العصابة من الربّان ، فأبتدره الأخير قائلا : » لە لاپەرە 13 ی ـ خەندەلێو ـ دا : « لەو کاتەدا سەرەك جەردەکان ، خێرا لە دەریاوانەکە نزیك بوەوەو پێ‌ی گوت : » خوێنەری بەرێز ! سەرنج بدە ! لەپاش ئەم ڕستەیە ، لە هەردوو تێکستەکەدا ، دەمە تەقێیەك هەیە لە نێوانی ، دەریاوانەکەو سەرەك جەردەکان‌دا .. جا ئەگەر ساخ نەبێتەوە کامیان دەستپێشکەری دەکەن لەم دەمەتەقێیەدا ، ئەوا سەرانسەری مەبەست‌و ناوەرۆکی قسەکان بە شێواوی‌و بە پێچەوانەوە تێدەگەیت . لەو ڕستە عەرەبیەی سەرەوەدا ، ئاشکراو دیارە کە دەریاوانەکەیە دەستپێشکەری دەکات لە قسەکردندا ، کەچی کاك ئالانی جڵەوی قسەکانی داوەتە دەست سەرەك جەردەکان !!.

9 — لەلاپەڕە 17 ی ـ المشوّه ـ دا : « فمضت تشق العباب كسكران ثمل لن يعتم أن يسقط من الاعياء »
لە لاپەڕە 18 ی ـ خەندەلێو ـ دا : « ئەویش دەستی بە قەڵبەزو بڕین کرد ، بەچەشنی سەرخۆشی ڕاهاتوو ؛ کە تاخۆی مرو کەیل بکا جڵەو ی هۆش‌و گۆشی لەدەست ڕەها نەبێ » لەڕووی داڕشتنەوە ، درێژە پێدانێکی ئاشکرای ناسازی پێوە دیارە . لەڕووی مەبەست‌و ماناوە ، لەگەڵ تێکستە عەرەبیەکەدا ، تەواو پێچەوانەی یەکدین !! ئەو دەڵێ : ئەوەندە نابا ـ لن يعتم ـ دەکەوێ‌و لەسەردەم دەچەقێ ، کەچی کاك ئالانی بەوە قایل نابێ‌و (ناهێڵێ جڵەو ڕەها بکاو بکەوێت) !!

10 — لە لاپەڕەی 18 ی ـ المشوّه ـ دا : « وارسل بصره علىٰ سجيته يرود مجاهل الظمات .
لە لاپەڕی 19 ی ـ خەندەلێو ـ دا : « بە مۆنیەکەوە سەرنجی ئەو پەڵە هەورانەی‌دا کە بەسەریانەوە کەبرۆلەیان کردبوو » دیسانەوە کاك ئالانی دەکەوێتەوە هەڵەیەکی زەقەوە : وا « على سجيته » ی دەکات بە « بەمۆنیەکەوە » . ڕاستی‌یەکەی بە مانای ـ علىٰ فطرته ـ على طبيعته ـ دێت . واتە ـ جڵەوی بۆ چاوی شل‌کرد ـ یان ـ بەدەم دالغەوە چاوی گێڕا ـ لەم بارەشدا «ترکیز» نامێنێ بۆیە «سەرنج» یش نادرێت !. یا ئایا ئەم « پەڵە هەورانەی » لەکوێوە هاتن‌و چوا زووش فریاکەوتن «کەبرۆلە» بەسەریانەوە بکەن ؟ خۆ هەموو دەزانیین کەوا شەوێکی ئەنگوستە چاوەو ئاسمانیش تروسکایی لێ‌بڕاوە ، ئیتر ئەم سەرنجانە چی‌بوون وا لەم ڕەش پۆشیەدا ، ئەم پەڵە هەورە ناسك‌و جوانانەی ، کە بوون بەکەپرۆلە ـ بەدی کرد ؟؟!

11 — لە لاپەڕەی 29 ی ـ المشوّه ـ دا : « إنّنا ماصـ ون الىٰ المجهول ، فلنكفّر عن زلّاتنا بالصلاة »
لە لاپەڕە 29 ی ـ خەندە لێو ـ یشدا کاك ئالانی دەڵێ : « با بیر لە ڕابووردووی ناهەموارمان بکەینەوە .. نوێژ بکەین » !!. من دڵنیام کە کاك ئالانی ـ ماضون ـ ی بە ڕابووردوو ـ لێکداوەتەوەو ، ـ فلنکفّر ـ یشی ـ بە ـ فلنفکّر ـ خوێندوّتەوە ، بۆیە کردوویە تە ـ بابیر بکەینەوە ـ !!

12 — لە کۆتا یی ئەم سەرنجانەمدا ، دێمە سەرگەورەترین **هەڵەی کاك ئالانی لەم وەرگێڕراوەدا بڕوانە لاپەڕە 29 ی ـ خەندەلێو ـ دێڕی «14» : « ئەی پیاو خراپان ! ئەمڕۆکە بابتان ئەسپی بەختتانە ! »**
لە لاپەڕەی 29 ی ـ المشوّه ـ دا دەڵێ :
« أيها الأشقياء الذين كبابكم فرس الحظ فغدوتم مجرمين سفّاكين »
«كبابكم» بریتیە لە « كبا + بكم » واتە (اسقطكم) یانی : « ئەی بەدبەختان ، لە ئەسپی بەخت گلان‌و بوون بە تاوانکارو خوێن‌ڕێژ » کەچی کاك ئالانی بە پەلە «كبابكم» ی کردووە بە ـ کەبابتان ـ !.

جا لەبەر ڕۆوناکایی ئەو سەرنجانەو گەلێ سەرنجی تریش ـ کە ئەوانە نموونەیان بوون ـ گەیشتمە ئەو بڕوایەی وەرگێڕان لای ئێمە بە کارێکی سووك‌و ئاسان لەقەڵەم دراوە لەکاتێکدا مەسەلە تەواو بە پێچەوانەوەیە .

«1» « ئەگەر هاتوو بەرهەمە کە شیعربوو ، پێویستە چەندجارێك بەدەنگی‌بەرز یان بەدەم پارچە مۆسیقایەکی گونجاوەوە ، بخوێنرێتەوە ، تابەتەواوی ئیقاعی وێنە شیعریەکان لەمێشکی وەرگێڕدا تۆماردەبێ »